منداڵەکان

نووسینی :– زکریا تامر

گۆڕینی : نیشتمان عبدالله

(١) لە شەودا

منداڵەکە لە شیرین خەودا بوو . کاتێك جنۆکەکە لەژێر زەمینە تاریکەکەوە . بەنهێنی بۆلای سەرکەوت . بەدەنگێکی نەرمو نیان . پێی ڕاگەیاند :

– بۆ ناو دەریات دەبەم .

منداڵەکە بەسەرسامیەوە ووتی :

– دەریا چی‌یە . نازانم ؟ .

جنۆکەکە ووتی :

– دەریا منداڵێکە ئاوی خۆش‌دەوێ . دوو چاوی شینی هەیە . . لەو کاتەدا منداڵەکە گوێی لە هاژەی دەریایەکی تووڕە بوو ، بەنیگەرانی‌یەوە چرپاندی بەگوێی‌دا

– دەریام خۆش‌ناوێ .

– کەواتە چیت خۆش‌دەوێ ؟ .

– بێستانم خۆش دەوێ .

جنۆکەکە بەگاڵتە پێکردنێکەوە پێ‌کەنی‌و سەری راوەشاند ، دووبارە پرسی‌یەوە :
– بۆچی بێستانت خۆش دەوێ ؟ .
– بێستان سەوزە .
دووبارە جنۆکەکە ووتی : دەتبەم بۆ ناو دەریا . . .
بەدەریا قایل بوو ، منداڵێك نەبوو ، بەڵکو پیاوێکی باڵا بەرزی ناوشان پان بوو ، لە سنگیا گیا سەوز بوو بوو ، منداڵەکە لە ترسا دەلەرزی ، بەلام نەی ئەتوانی بگری ، دەریا لە جنۆکەکە نزیك بووەوە ، کاتێك بەدەستە زێرینەکانی باوەشی پێداکرد ، لەپڕ لێك بوون ، هەروەك خوێ لە ئاودا توانەوە .
منداڵەکە لە ترسا بەئاگاهاتەوە ، دەلەرزی ، بەدەنگێکی بەرز گریا ، دایکی نووستبووـ گوێ‌ی لە نوزەی نەبوو ، ماوەیەك بەتەنیا مایەوە ، دەگریا ، بەپشتا خۆی بەسەر پێخەفە بچووکەکەی دا دابوو ، وورده وورده گەرایەوە بۆ باوەشی خەونەکانی ، بێستانەکە پێ‌کەنی ، درەختەکان سەوزبوون ، پاساری‌یە بچوکەکان ، چوونە سەر لق‌و پۆپەکان ، دەیانجریواند ، رووباریش سروودێکی ئاوداری تەری دەووت ، منداڵەکە دڵ خۆش‌بوو ، بەلام خۆشی‌یەکەی زۆری نەخایاند ، جنۆکەکە گەرایەوە ، بەردەوام دەی چرپاند بە گوێ‌ی‌دا :
– دەت‌بەم بۆ ناو دەریا .
ئەو کاتە جنۆکەکە ئافرەتێکی دەم هەراش بوو ، رق‌و کینە لە چاوە گەورە گەشەکانی دەباری ، منداڵەکە بەقیژەیەکی ترسناك ، دایکی بەئاگا هێنایەوە ، بە راکردن چوو بۆ لای ، پاشان بەسۆزەوە ، لە باوەشیا پاڵ‌کەوت ، ئەویش نووساندی بە سنگیەوە ، هێوری کردەوە ، بە دەنگێکی نزم‌و هێواش ، دەی لاواندەوە ، بەڵێنی دایە ، گەر بخەوێت ، دوو کۆتری سپی بۆ دەهێنێ .
بێستان لەو کاتەدا ئافرەتێك بوو ، لەسەر گازی پشت کەوتبوو ، لە خۆشیا پێ‌دەکەنی ، لە ئاسمانی شینی پان‌و بەرین‌دا ، دوو کۆتر دایان لە شەقەی باڵ ، پاشان کۆترێکی بچکۆلە ، بووە سێ‌هەم‌و دوایان کەوت‌و ئاوی خۆش نەدەویست .

(٢) (حەشارگەی مانگ)

منداڵەکە بەدایکی ووت :
– دوێنێ شەو ، مانگ لە ئاسمان دابەزیە سەر زەوی ، پەرداخێك ئاوی خواردەوە .
دایکەکە زەردەخەنە گرتی‌و ووتی :
– کە لە تەمەنی تۆدا بووم ، مانگم بینی پرتەقاڵی دەچنی .
منداڵەکە ووتی :
– مانگ ماڵی هەیە ؟ .
دایکەکە وەلامی نەدایەوە ، منداڵەکە بەشان هەڵ تەکاندنەوە پرسی :
– بەرۆژ مانگ بۆ کوێ دەچێت ؟
– خۆی دەشارێتەوە .
– لە کوێ ؟ .
– کەس نازانێ ، حەشارگاکەی .
– بۆچی خۆی دەشارێتەوە ؟ .
– ئێمە بەشەو دەنوین ، بەلام مانگ بەرۆژ دەنوێت .
منداڵەکە بێ‌دەنگ بوو ، هیچ ووتەیەکی تری لە دەم دەرنەچوو ، بەڵکو لەوکاتەوە بریاری‌دا ، بەشوێن حەشارگەی مانگ‌دا بگەرێت ، کاتێك کە گەورە دەبێت .

(٣) خۆر هاورێمە

منداڵەکە نەی توانی ، سەرکەوتوو بێت ، لە هەوڵ

دانەکەی‌دا بۆ ئەوەی رووبەرووی ، تیشکی خۆرەکە بێت‌و چاوەکانی کراوە بێت ، بەبێزاریەوە سەری دانەواند ، بەدایکی ووت :

– خۆر رقی لێمە .

دایکەکە ووتی :

– خۆر هەموو کەسێکی خۆش‌دەوێ .

منداڵەکە هەر دەیووت :

– خۆر خۆشی ناوێم .

رۆژ بەهەنگاوە سستەکانی کۆچی‌کرد ، خۆرە روو گرژەکەشی لەگەڵ خۆیدا برد لە شەودا ، بارانێکی زۆر باری ، پاشانیش ، بەیانی سپی شی‌دار هات .

کاتێك منداڵەکە لە باخچەکەیاندا ، چۆلەکەیەکی دۆزیەوە لە خۆشیا هاواری‌کرد ، لەکاتێکا چۆلەکەکە لەسەرما ، دەلەرزی باران تەری کردبوو ، دەستی‌کرد بەنان دانی چۆلەکەکە ، پارچە نانی بۆ وورد دەکرد ، بەڵام چۆلەکەکە ، هەر لاواز بوو ، لە سەرما ، لە ترسا دەلەرزی .

منداڵەکە ، کە بۆی دەرکەوت ، چۆلەکە هەر کاتێك بێت دەمرێت ، دڵ تەنگی‌و ناهەمواری باڵی بەسەردا کێشا ، بەڵام کاتێك هەورە چڵکنە بۆرەکان رەوینەوە لە ئاسمان ، خۆریش سەر لەنوێ دەرکەوتەوە ، چۆلەکەکە ، دەستی‌کرد بەدەنووك جولاندن‌و دان خواردن بەخۆشی‌یەوە ، پاش ماوەیەکی زۆر کەم ، باڵەکانی دا بەیەك‌داو فڕی ، منداڵەکە سەیری خۆری کرد ، لە چاوانیا ترس‌و سوپاس‌و ماڵ ئاوایی ، تێکەڵ بەیەکتر بوون ، پاشان بۆ رووە ئاڵتوونی‌یەکەی ، پی‌کەنی ، پی‌کەنینێك ، کە هی کەسێك بڕیاری‌دا ، تا کۆتایی خۆشی‌بوێت .

(٤) مامزی دیل

منداڵەکە ، بەرێگایەك‌دا دەڕۆی ، کە هەمووی دەنگە دەنگ‌و ژاوە ژاو بوو ، لە ترسان پەنجە بچووکەکانی توندکردبوو لە دەستی دایکیا . لەپڕ وەستا هاواری کرد :

– ئەمە چی‌یە ؟ .

بەدەست ئاماژەی کرد بۆ دوکانەکە ، کە مریشك‌و باڵداری دەفرۆشت . مامزێك وەستابوو ، تەوقێکی چەرم لە ملی ئالآبوو ، نەی دەهێشت دەربازبێت‌و ڕا بکات .

دایکەکە ووتی :

– ئەمە پی‌ی دەڵێن مامز .

– لە کوێ‌وە هاتووە ؟ .

– لە بیابانەوە .

– بیابان چی‌یە ؟ .

– بیابان ، شوێنێکی فراوانە ، زەوی‌یەکەی بە لم داپۆشراوە

– لم چی‌یە ؟ .

– لم دەنکە خۆڵێکی نەرمی زەردباوی زۆر بچووکە .

– ئەی بۆچی مامزەکە هاتۆتە ئێرە ؟ .

– راوکەرەکان هێناویانە بۆئەوەی بیفرۆشن .

– ئەوەی بیکرێت ، چی لی‌دەکات ؟ .

– سەری دەبڕێ چونکە تامی گۆشتەکەی زۆر خۆشە منداڵەکە مامزەکەی هاتە پێش چاو ، لە کاتێکا راوەستابوو ، لە ترسا دەلەرزی‌و زەرد هەڵگەڕا بوو ، چاوە گەشەکانی حەزی لە گریان دەکرد .

منداڵەکە لەرزی ، هەستی کرد ئەمیش ، رۆژێ لەڕۆژان مامزێکە ، بەبیابانی فراواندا دەپەڕێتەوە ، دەستی کرد بە گریان .

بیابانیش لەو کاتەدا ، لە خەیاڵی منداڵەکەدا ، زەوی‌یەکی بەر فراوان بوو ، کە لمی زەرد باوو ، دای پۆشیبوو ، تەنها مامزو راوکەر تیا دەژی .

کۆتایی

* – سەرچاوە / الرعد (قصص) زکریا تامر